# نێچیری هەفتە

عەلی مەحمود Alimahmud2001@yahoo.com

–لە ساڵی 2003 ەوە لە ئەلبانیا بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەهێز دامەزراوە بە ناوی بەسە, دژ بە گەندەڵی لە وڵاتەکەیان خەبات دەکەن, ئەوەی میریش ماوەیەك پێش ئێستا کە دامەزرا تەنها کۆمەڵێك گەنج بوون, لە سەرەتاوە تا ئێستاش پەیوەندی ئیمەیلییمان پێکەوە هەیە, زۆربەیان خۆمان ئاسا بیرە کەنەوەو بۆیە رەحمان بۆ یەکترە جوڵێت و ترپەی دڵمان بە یەك ئاواز لی دەدەن, لە سەرەتاوە زۆر متمانەم بە سەرکەوتنیان نەبوو, پرسیارێکم لێیان کرد وتم: چی بەسە؟ وەڵامییان دامەوە و نووسییان دیکتاتۆرییەت, حوکمی بۆماوەیی, بێدەنگی, نەمانی رەوشت, دووڕوویی, لەبیرکردن, زۆر بلێی و بچووککردنەوەی گەل هەر هەموویان بەسە, تەنها خەبات لە پێناو کۆتایی پێهێنانیان بەس نییە, منیش زیاد لەوەی ئەوان دەڵێم دزی, دروستکردنی پارتی کارتۆنی, هاوکاری لەگەڵ داگیرکەران دەست بەسەراگرتنی زەوی و زاری کوردستان, تەسکیە, ففتی ففتی, نەبوونی ئازادی خۆپیشاندان و نارەزایەتی, فەلاقە و حەسیرمەیدان, زیندانە حزبییەکان, شارۆچکەی سەرۆکایەتی, شاراوەیی ئاماری ئابووری کوردستان لە داهات و خەرجی, تێکەڵ بوونی خێڵ و حزب و دەوڵەت.. هەر هەمویان بەسە, بەسە و بەسە و بەسە.

–بەرێزێك هەڵە نەبم پۆستی سەرکردایەتیشی لەناو حزبەکەیدا هەیە رایگەیاند: سەرکردایەتی سیاسی کورد پۆستی پارێزگاری کەرکوك دیاری دەکات, باشە مافی خۆمانە بپرسین ئەی هەڵبژاردن بۆچی کرا, نازانم جەنابیان داشی شەترەنجن یان نوێنەری خەڵکی کەرکوك؟؟ بۆ خۆیان کەسێکی شیاو هەڵنابژێرن ئەگەر بەراستی نوێنەری خەڵکی کەرکوکن.

–ئەمیر پلەیەکی بەرزە لە ئیسلام, نازانم عەمامەیان رەشە یان سپی.؟؟ بەلاّم دەزانم سمێڵییان نابێت پەنجە گرە بێت و ریشیشییان کورتتر بێت لەناو لەپی پۆلیسانی ئەمری بالمعروف و نەهی عن لمونکەر, ئەوەش نازانم ژمارەی حۆرییەکانیشییان چەندە لە بەهەشت.؟؟ ئایا هەموو ئەهلی بەهەشت 72ییان بەرەکەوێت, یان ئەمیر و بەرپرسان و شەهیدانی سەنگەر و خۆتەقاندنەوە و سەرجێگاو بان بەرماڵر لە ژمارەی حۆریدا جیان, چونکە بەهەشت بێ حۆری کات بەسەربردن تیایدا جەهەنەمێکی بۆ خۆی بەتایبەت ئەگەر تەکنەلۆژیاش نەگات پێی ئەوە پیاوەکان حۆرییان دەست کەوێت, ژنان هەر ئەبێت لەبەر دەرگا بنێشتی کوردی بجوون, چونکە پیاوی حۆری هەر نییە, راگەیەنرا ئەوەی بگات بە پلە ئەمیری دەبێت 7 کەسی سەر بریبێت, مۆدێلی موسڵ وایە, ئیتر نازانم لە تەوێڵە و هەڵەبجە و خورماڵر ژمارەی سەرە براوەکان چەندن, ئەمیری تۆرابورا بە 7 دڵی ئاو دەخواتەوە؟! یان چلی دەوێت, تیزاب بارانی ژنان و کوشتنی رۆشنبیران و سوتاندنی پەرتوکخانە و سینەما و ئارایشتگای ژنان و رۆڵییان لە تەرفیعاتدا هەیە یان تەنها شێوەی حۆرییەکان و کورت و درێژی قژییان دەگۆرن؟ ئەمانە هەموو پرسیارن پێویستە ئەمیر بەخشەکان وەڵامییان پێبدەنەوە ئەگەر رێگایان پێدراوە!!

-له سلێمانی و هەولێر نەخۆشخانە بۆ خێزانی شەهیدان کراوەتەوە, ئەمەم پێ ناخۆش نییە, لەبەر ئەوەی بەچکە شەهیدی پارتێکی دەسەڵاتدارم ئیحتمالی دەسکەوتی دەستە پاراسیتیمۆلێکم هەیە, ئەگەر تا ئێستاش هیچمان بەر نەکەوتبێت, بەڵام مافی خۆمە بپرسم شەهیدانی کوردستان یان حزبەکان خۆیان؟؟ قوربانییانی هەڵەبجە و ئەنفال یان شەهیدانی سەیارەو ناو بیرو بان خانی و فەوجی خەفیفە و بەرەی قادسیە!! لە هەولێر خانی بەسەر شەهیدانا دابەشکرا, شەهیدی یەک حزب بەر هەیوانێکیشییان بەر نەکەوت, لەمەشا دەترسم پاراسیتامۆلێك نەبینن!!